# بارگۆڕینی فەلسەفە

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

(٢ - ٢)

**دووەم:** هۆکاری کردەکی- پراکتیکی:

کانت بە تەواوەتی باوەڕی بەوە بووە، شارەزایی ئاکارییانە و ژیانی چاکەکاری پشت ئەستوور بە بەختەوەری کە لە بنەمای ئەرک و فرمان پەیدا دەبێت و پابەندبوون بە فرمانی ڕەها دەبنە مایەی ئەوەی باوەڕ بە بوونی بوونەوەرێکی پایەبەرزی سەرووسروشتی بە توانایی و بەهێز و دەسەلاتی سنووربەزێن هەبێ کە ڕەببە، ژیانی ئەم سەرزەمینە ڕێگا خۆشکەرە بۆ ژیانی دوای مردن، مرۆڤ خۆی خواستی ئازادی هەیە، کەوابوو ژیانی ئاکارییانە سێ بنەمای هەیە لە هەرسێکیان بنەمای میتافیزیک دادەمەزرێ:

- باوەڕبوون بە بوونی ڕەب.
- خواستی ئازاد.
- نەمری.

ئەو بنەمایانە هەمیشە سنووری شارەزایی مرۆڤ دەبەزێنن و ئەو هەلومەرجانەیان لێ پێکدێت کە هەموو ژیانێکی ڕێکوپێکی پشت ئەستوور بە بنەماکانی ئاکار پێویستیان پێیەتی، ئیتر میتافیزیکیش لە «ڕۆڵەی بەنازی ژیرە و لە دایک بوونەکەی تەنیا هەر بە ڕێککەوت نەبووە(٢١)» بەڵکو وەک هەموو شتێکی دیکە لەو جیهانەدا لەپێناوی چەند ئامانجێکی گرینگ پەیدا بووە، میتافیزیک بەپێی ئەو خەسڵەتانەی هەیەتی و ئەو تایبەتمەندییانەی پێیان ناسراوە لە سروشتی مرۆڤ خۆیەوە کەوتووەتەوە، ژیر بەهۆی پرسیارە میتافیزیکییەکان کە هەمیشە دووبارە دەبنەوە و کۆتاییان نایەت، هیوا براوە لەوەی بتوانێ چارەسەرێکی تەواو و سەرتاپاگیریان بۆ دابنێ، بیرۆکە ترانسندێنتالییەکانیش کە دەیانەوێ گوایە ئەو چارەسەرە بدۆزنەوە، دەبن بە چەند

کێشـەیەک ژێر لەبەردەمـیـاندا چەق ڕادەوەستێ! بەڵام قانوونەکانی ژیان وا پێویست دەکەن، ئێمەی مرۆڤ وەک کانت گوتوویەتی:

«بەردەوامبـوونمان لە هەڵمـژینی هەوای پیس بە چاکـتر بزانین لەوەی هەر هەناسە هەڵنەکێشین(٢٢)» کەوابوو خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی زانینی میتافیزیکییانە و سەرچاوە و سنوورەکانی کە لە زانینی تر جیای دەکەنەوە، کامانەن و چین؟!

– زانینی میـتـافـیـزیکیـانە بە پێی پێناسـەکـردنی بۆچوونەکـەی خـۆی، ناکـرێ ئەزمـوونی بێ، هەروەها لە کـردن نایەت بنەمـا و بنەڕەتەکـانی لە ئەزمـوون و شـارەزاییـەوە پەیدا بن، چونکە خـۆی زانینێکە سنوورەکانی تاقیکردنەوە دەبەزێنێ. ئەزموون لە خۆیدا دوو جۆری هەیە:

– ئەزموونی دەرەکی.

– ئەزموونی ناوەکی.

ئەزموونی یەکەمیان بە واتا تایبەتییەکەی سەرچاوەی زانستی سروشتییە (فیزیک)، بەڵام ئەوی تریان ئەو بنەمایەیە کە سایکۆلۆجی ئەزموونی لەسەری دامەزراوە. هیچیـان ناکرێ بین بە بنەمای زانینی میتافیزیکی، چونکە ئەمە خۆی لە مێشک و ژیری بێگەردەوە سەرچاوە دەگـرێ، سـەرەڕای ئەوە، ئەگـەر بە وردی سـەرنجی شارەزایی مرۆڤ بدرێ و شی بکرێتەوە و ئەو شتانەی لێ دوور بخـرێنەوە کـە سـەر بە هەسـتـەکـانن، ئەوە چەند واتایەکی گشتی بنەڕەتی و چەند بڕیارێک دەمێننەوە کە لەو کەوتوونەتەوە. چەند بڕیارێک (حوکمێک) کە دەبێ لە هەمـوو شارەزاییـەک سەربەخۆ بن، چونکە بە سایەی ئەو بڕیارانەوە دەتوانین بابەتەکان بدەینە پاڵ هەستەکانمان پتر لەوەی شارەزایی فێرمان دەکات. تێزەکانیشی بە جۆرێک هەردوو خەسڵەتی ناچاریی و سەرتاپاگیرییان تێدایە بە هیچ شێوەیەک زانینی ئەزموونی ناتوانێ بیانداتە دەست و دەستەبەریان بێ(٢٣).

١٠– زانین خـۆی بڕیارێکە، یان چەند بڕیارێکە (حوکـمێکە) دەربارەی شمـەک کـە دەدرێ کـە بۆچوونێکی دیاریکراومان لێیانەوە هەیە. بڕیارەکان لەلایەکی ترەوە چەند تێزە و دەستەواژەیەکن، یان فۆرمی دەستەواژەیان هەیە و قسـە لەو ئەزمـوونە دەکـەن کـە دوای ئەوەی چەمکەکان خراونەتە سەری، شێوەی زانینی بەبەردابڕاوە.



**دیڤید هیوم**

ئەو چەمکانە چەند بنەمایەکی گشتی ژێرن.

ئەگـەر زانینەکـە مـیـتـافـیـزیکی بوو، ئەوە لە زانینی هەسـتـەکی جـیـاواز دەبێ و دەبێ ئەوکـاتـە بڕیار و دەستەواژەکانیشیان جیا بن، کەوابوو لە دیدی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالییەوە جۆری بڕیار (حوکمەکان) چین و چەندن؟!

– لە لۆجیکدا کانت بە ئاراستەی ئەرستۆدا (٣٨٤-٣٢٢پ.ز)تەکـانی داوە و لەو باوەڕەدابووە بڕیاردان لە دەسـتـەواژە (تێـزە) پێکدێت، دەسـتـەواژەش لە گـوتە پێکدێت.

لۆجیکی ئەرستۆ لۆجیکی بنەوبارە. بەو پێیە دەکرێ دەستەواژەکان بەوە لە یەکتری جیا بکرێنەوە: دەستەواژە هەیە بارەکـەی لە بابەتەکـەدا هەیە و ئەوانی تر وا نین. کانت گوتوویەتی: لە هەموو ئەو بڕیارانەدا کە پێوەندی لەنێوان (بنە) و بارەکەیاندا هەیە، ئەو پێوەندییانە دوو جۆرن:

– (بار) سەر بە (بنە)کەیە، بەو شێوەیەی کە شتێکە لەنێو واتای گشتی بابەتەکەدایە.

– یان بار لە دەرەوەی بابەتەکەدایە، بەڵام بەشێـوەیەک پەیوەسـتـە پێـوەی، هەروەها لە شـوێنێکی دیکەی ئەو سـەرچاوەیەدا گـوتوویەتی: شێـوەی یەکـەم لێکدانەوە و شرۆڤەکردنە هیچ گوڵێک ناخاتە سەر خەرمانی ناوەڕۆکی

زانین، بەڵام دووەمیان بەپێچەوانەوە، زانینی هاوردەی دەستگیر فراوانتر دەکات، بۆیە دەتوانرێ بەجۆری یەکەم بگوترێ بڕیاری شیکاری، بەدووەم ناوی بڕیاری لێکدراوی لێ بنرێ. ئەو تێزە- دەستەواژەی دەڵێ: «هەموو لەشێک دەکشێ» شیکارییە، چونکە بۆچوونی کشان لە چەمکی لەشدا هەیە و هیچ کەسێک ناکرێ لەشێک کە نەکشێ لە مێشکیدا وێنا بکات(٢٤)». کانت لەو باوەڕەدایە کە دەستەواژە شیکارییەکان بە بنەمای بێ ناکۆکی بەندن، چونکە ناکردنەکانیان ناکۆکی لێدەکەوێتەوە.

ئەو دەستەواژەیە «هەندێک لەش قورسن» دەستەواژەیەکی لێکدراوە، چونکە ناکردنەکەی هیچ جۆرە ناکۆکییەکی لێناکەوێتەوە، بیرۆکەی قورس بەناچاریی لە چەمکی لەشدا نییە، دەکرێ لەشێک لە لەشەکان وێنا بکرێ بەبێ ئەوەی خەسڵەتی قورسایی هەبێ.

کانت بۆ پۆلێن کردنی دەستەواژە، بنەمایەکی دیکەی داناوە، بەو زانینەی لە بنەڕەتدا لە ئەزموون و تاقیکردنەوە نەکەوتووەتەوە و لێیان سەربەخۆیە، دەڵێ: زانینی پێشینیانە. ئەوانەی لە ئەزموونەوە دەکەونەوە، بە زانینی پاشیانە ناویان دەبات، چونکە (پاش) شارەزایی و ئەزموون دێن، نەک لە پێشیانەوە. شیکاری لەو کایەیەدا یەکسانە بە پێشیانە و لێکدراو بە پاشیانە یەکسانە. بڕیاری شیکاری هەردوو خەسڵەتی ناچاریی و هەمەکی تێدایە، ئەو دوو خەسڵەتە کە پێوەندین لەنێوان بنەو باردا. زانین هیچ کاتێک بەوە بەپێز و بە بڕشت نابێ و پێش ناکەوێ بابەتەکە شی بکرێتەوە بۆ ئەوەی لێیەوە بار دەستگیر ببێ، بەڵام زانینی لێکدراوە، خەسڵەتی ناچاری و هەمەکی تێدا نییە. ئەو پرسیارەی دوای ئەو پۆلێن و شیکردنەوەیە سەرئاو دەکەوێ: ئایا دەکرێ چەند بڕیار و تێزە و دەستەواژەیەکی لێکدراو هەبن لەلایەکەوە زانیاری بدەنە دەست و لەلایەکی ترەوە لە هەمان کاتدا بە هەردوو خەسڵەتی ناچاری و هەمەکی پشت ئەستووربن؟! کانت ئەو جۆرانە بە دەستەواژەی، بڕیاری لێکدراوی پێشیانە ناودەبات. کانت بە ئارێ وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە و گوتوویەتی گوایە دەستەواژە و تێزەکانی میتافیزیک لەو جۆرە تێزە لێکدراوە پێشیانەن. دەبێ هەر واش بێت بۆ ئەوەی بکرێ میتافیزیک ببێ بە زانستێکی بنەما قایم و پتەو.

١١- ئەو پرسیار و وەڵامە ئەو پریشکە بووە ئاگری لە پاوانی ئەو فەیلەسووفانە بەرداوە کە هەوڵیان داوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەدواوە، جارێکی تر بە تەوژم و گوڕ خوێن بە بەر شادەمارە سڕبووەکانی فەلسەفەدا بکەنەوە کە دواتر بە فەیلەسووفانی کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی لەسەرانسەری ئەورووپا و کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمیاییەکان ناسران و ناووناوبانگیان دەرکردووە. ئەو هەوڵە بە دوو ئاراستەدا دراوە:

**یەکەم:** بە یەکجارەکی دەستبەردار بوونی فەلسەفە ئایدیالیستییە ڕەهاکەی هیگڵ و گەڕانەوە بۆ سەر فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانت، بەڵام چۆن گەڕانەوەیەک؟ گەڕانەوەیەکی شیکاری ڕەخنەگرانە و تاووتوکردنی بابەتە کێشە لەسەرەکان، هەندێک جار ئەو هەڵوێستە مەیل و ئاراستە ڕکابەرایەتی کردنی کانت خۆی لێ کەوتووەتەوە.

**دووەم:** سەرلەنوێ چاو خشاندنەوە بە ڕوخسار و ناوەڕۆک، بە میتودە و کەرەستەی فەلسەفە و لقەکانی و دیاریکردنی ئەرک و فرمانەکانی. ئەگەر لەلایەکەوە لەو ڕەوشەدا بایەخ بە لۆجیک و تیوری زانین درابێ، ئەوە فەیلەسووفەکان بەجۆرێک لە جۆرەکان چوونەتە نێو سەنگەری بەگژداچوونەوە و دوژمنایەتی کردنی هەموو هزر و جیهاندیدێکی میتافیزیکیانە!!

کەوابوو کامانەن و چین ئەو بابەتە کێشە لەسەرانەی فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانت؟!

- ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە تێزە- دەستەواژە لێکدراوە پاشیانەکان پشت بە ئەزموون- تاقیکردنەوە دەبەستن. ئەنجامەکانی ئەزموون هەمیشە هەندەکین و گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆیە ناکرێ بڕیار و تێزە میتافیزیکییەکان لە تاقیکردنەوەوە بکەونەوە، چونکە بە هیچ جۆرێک خەسڵەتی ناچاری و هەمەکی لە ئەزموون و تاقیکردنەوەدا نین، ئەگەر بویسترێ دەستەواژەی لێکدراوی پێشیانە بەدەست بهێنرێ، دەبێ ئەو دەستەواژەیە بە شێوازێک بە پەی بردنەوە پەیوەست بکرێت بۆ ئەوەی هەردوو ڕەگەزی پەی بردن و پێشیینانەی تێدا بێت، ئەمەش تەنیا هەر بە سایەی مەرجە گشتییەکانی پەی بردنەوە کە جێگا و کاتن، دەستەبەر دەبێ، چونکە ئەوەی لە جێگاو کاتدا پەی پێ ببردرێ، دەبێ لەگەڵ چەند بنەمایەکی دیاریکراودا بێتەوە و

بگونجێ، ئەو بنەمـایانە- لەبەر ئەو هۆکـارە- مـەرجـە ناچاربییەکـانی ئەزموونن و پێشـییـانەن. ساغ کردنەوەی هەبوونی تێزە- دەسـتـەواژە ئەزمـوونییـە پێشـیـیـانەکـان بەندن بە هەلومەرجەکانی ئەزموون (تەجرەبەوە)، بەبێ بوونی ئەو مەرجانە ناتوانرێ شمەک پەی پێ ببرێ، کانت لەو کایەیەدا دەستەواژەکانی ژمێرە (بیرکاری) دەکات بە نموونەی بەڵگەی هەبوونی برپارە لێکدراوە پێشییانەکان. برپارە ماتماتیکییە بێگەردەکان لێکدراوی پێشییانەن، ئەو نموونەیەش کە لە هەردوو شاکاری «ڕەخنەکردنی ژیری بێگەرد» و پرۆلیگومینادا هێناویەتییـەوە لە ژمێـرەوە خواستوویەتییەوە کە بریتییە لە کۆکردنەوەی پێنج و حـەوت. هاوکـێـشـەی ژمـێـرە (٧+٥= ١٢) تێـزە، هاوکێشـەیەکی شیکاری پێشـیـیـانەیەی ساکـارە لە بۆچوونی کۆکردنەوەی پێنج و حەوت بەپێی بنەمای بێ ناکـۆکی دەسـتـگیـر بووە(٢٦)، ئەگـەر مـرۆڤ لەو هاوکێشەیە ورد بێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە لێکدراویشە، چونکە چەمکی بۆچوونی ژمارە (١٢) ناچێتە نێو خانەی چەمکی بۆچوونی کـۆی (٧ و ٥)، بیـرکـردنەوە لە کـۆی حەوتەوە ناگاتە واتای گشتی (١٢)، بۆیە دەبێ سنووری ئەو بۆچوونانە ببەزێنرێ و پەنا بۆ وردبوونەوە و سەرنجدان ببرێ، بۆ نموونە ژمـارە پێنج بەرانبـەر بە پێنج پەنجـەیە (ئەنگوست- قـامک) ئیـتـر، یەک و دوو، پێنجـەکـە دەژمێـرین و دەیخـەینە سەر بۆچوونی حەوت، کـەوابوو دەستەواژەکانی بیرکاری رووت لێکدراوی پێشییانەن.

کـانت دواتر نموونەیەک لە جیـهـانی مـیـتـافـیـزیک دەخوازێتەوە کە پێشتر دیڤید هیوم قسەی لێ کردووە، بنەمای هۆیەکییە و بە لێکدراوی پێشییانەی دادەنێ و وای بۆ چووە، بە پێـچـەوانەی (هیـوم)ـەوە ئەو بنەمـایە لێکدراوە لـەبەر ئـەوەی دەتوانین (نـا)ی بکـەیـن بـەبێ ئەوەی ناکـۆکی بکەوێتـەوە، بەڵام لە هەمـان کـاتدا پێشییانەشە، پێشییانەی لێکدراوە، چونکە زانین بەبێ بیرۆکەی هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام) لە کردن نایەت.

١٢- پشت ئەسـتـوور بە سەرچاوە باوەڕپێکراوەکـانی مێژووی فەلسەفە، فەلسەفەی کانت بەگشتی کاریگەری لەسـەر فـەلسـەفـەی ڕۆژئاوایی ئەوروپا بەجێ هێشـتـووە (ئەو وڵاتانەی بە ئەڵمـانی و ئینگلیـزی قسـە دەکـەن- هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن کە فەلسەفەی کانت لە زۆربەی زانکـۆکـانی ڕوسیـای قـەیسـەری خـوێنراوە و گوتراوەتەوە، بەڵام دوای ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ز قەدەغە کراوە). لەو وڵاتانەی بە ئینگلیزی قسە دەکەن، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ (کانت)یان ناسیوە. فەلسەفەی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ کە لە هەردوو زانکۆی ماربورگ و بادن فـیـرتمبـورگ دامـەزراوە و گـەشـەی کـردووە کـە بە ئایدیالیزمی لۆجیکیش ناودەبرێ، لە دەرەوەی زانکۆکانی ئەڵـەمانیا، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەگێڕاوە(٢٧). بەریتانیـای مـەزن کـە لە سـەردەمی (فـرەنسیس بیکۆن)ـەوە تاوەکـو لۆرد ڕەسڵ ئاراستەیەکی ئەزموونی هەبووە، تاڕادەیەک لە کانت و فەلسەفە بە دوور بووە.

- کۆڕی ڤیـەننا ئیمپیریزمی لۆجیکی کە لە سەرەتای دەیەی سێیـەمی سەدەی ڕابوردوو لە پایتـەختی نەمسـا دامـەزراوە، هەر لە سـەرەتاوە بەوە ناسـراوە کـە پەرە بە ئاراستـەی ئەزموونی پۆزیتیڤیزمی دەدات، بۆیە مرۆڤ بە پارێز و سڵ کـردنەوە وا باوەڕ بکات کـە کارێکی ئەوتۆی کـانتی لەسـەر نەبووە، چونکە ڕابەری فـەلسـەفـەی ترانسندێنتالی سروشت ئاسا ئاراستەکەی ژیرەکی بووە. لەگەڵ ئەوەشـدا دەکرێ، بیـرکـردنەوەکـەمـان بەدوو بەرەدا ئاراستە بکەین: لەلایەکەوە هەوڵ دەدەین بنەما بنەڕەتی و بیرۆکە گرنگەکانی باوی فەلسەفەی ئیمپیریزمی لۆجیکی تاووتو بکەین، لەلایەکەی ترەوە بزانین تا چ ڕادەیەک ئەو بنەمـایانە لە جیـهـاندیدە فـەلسـەفـەییـەکەی (کـانت)ـەوە نزیکن.

- ئەگـەر مرۆڤ لەو بەرهەمە نوێبەرانە و مـانیـفێسـتی بڵاوکـراوەکـەی کـۆڕەکـە وردبێتـەوە کـە هەر لەسـەردەمی دامەزراندنییەوە لە گۆڤاری ناوەندی بزووتنەوەکە (زانین) و ڕێکخراوی ئیرنست ماخ بڵاوکراونەتەوە، سەرەڕای ئەو نامـیلکانەی لەلایەن ئەندام و لایەنگرانی چاپ کـراون، ئەو خاڵانەی خوارەوە ئامانج و مـەبەستی ئەو بزووتنەوە فەلسەفەییە روون دەکەنەوە:

**یەکـەم:** پەرەپێـدانی ئاراسـتـە و مـەیل و ڕێبـازی ئیمپیری- ئەزموونی و سوودوەرگرتن لەو توێژینەوانەی لە دەڤـەر و کایەی لۆجیکی مـودێرن و لۆجیکی بیـرکـاریدا کراون، بە تایبـەتی ئەوانەی لەلایەن پیانۆ، فرێگە، لورد ڕەسڵەوە پێشکەشیان کردووە.

**دووەم:** بەگـژداچوونەوەی ڕێبـاز و بیـرکـردنەوەی میتافیزیکیانە و دوورخستنەوەیان لە پاوانی فەلسەفە و زانست. سەرەڕای ئەوەی ئامرازێکی کـارای مشـتـومـاڵ

کردنی فەلسەفە و زانست دابهێنرێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەی کە ئەو کۆڕە بە بەری فەلسەفەیدا کردووە و خستوویەتییە ئەستۆی. ئەو ئامرازە بریتی بووە لە شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمان بەگشتی و زمانی زانستی بەتایبەتی(٢٨).

**سێیەم:** سەرلەنوێ چاوخشاندنەوەیەکی شیکارییانە بە ئەرک و لقەکانی فەلسەفەدا. فەلسەفە وەک جاران نەماوە و هیچی تر شاژنی زانستەکان نەماوە و تاجی شایەتی لەسەر نییە، بەڵکو بووە بە خزمەتچی، خزمەتی زانست و زاناکان دەکات، بە تایبەتی لەو پرۆژەیەدا کە هەندێک لە ڕابەرانی کۆڕی ڤیەننا سەردەمی خۆیان پێشنیازیان کردبوو: پرۆژەی «بیرۆکەی یەکگرتنەوەی زانستەکان»(٢٩)، ئیتر بەو پێیە فەلسەفە تەنیا لە تیوری زانین و لۆجیک پێکدێت و لقەکانی تر تارادەیەک سەربەخۆ بوون و فەلسەفە فڕی بەسەریانەوە نەماوە.

**چوارەم:** ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی بوونی دەستەواژەی لێکدراوی پێشیبیانە، کە کانت(٣٠) پێشنیازی کردبوو، بگرە پێی لەسەر بوونی داگرتبوو.

– بزووتنەوەی کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی لە سێ بنەوانەوە سەرچاوەی گرتووە:

**یەکەم:** دابونەریتی ئەزموونیی لە فەلسەفەدا، بە تایبەتی ڕێبازی ئیمپیریزمی ئینگلیزی. (هیوم).

**دووەم:** ئاراستەی ئیمپیریزمی لۆجیکی- پۆزیتیڤستی لەلای فەیلەسووف و زاناکانی هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست، بە تایبەتی هیرمان فۆن هێلمهۆڵتز، ئیرنست ماخ، هایزنبێرگ، ئەلبیرت ئاینشتاین، نیلس بۆهر.

**سێیەم:** لۆجیکی مۆدێرن- سیمبۆلی و ئەو گۆڕانەی لەلایەن: لایبنیتس، دێڤید هیلبەرت، تارسکی، فرێگە و ڕەسڵ بەسەریدا هێنراوە.

١٣- فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان لایبنیتس (١٦٤٦-١٧١٦ز) پێشنیازی کردبوو زمانێکی سیمبۆلی ڕۆبنرێ، تێیدا لە جیاتی وشەی ئاسایی سیمبۆل بەکاربێت بۆ ئەوەی ئەو ڕوونی و سادە و ساکارییەی لەبیرکاری و زانستە ڕوخسارییەکاندا هەیە، لەو زمانەشدا هەبێت، بەلای ئەو فەیلەسووفەوە زمانی ژیانی ڕۆژانە ناتوانێ بە وردی خوازراو و بیروبنەما بنەڕەتییەکانی فەلسەفە دەربڕێ، چونکە وشەکانی واتای جۆربەجۆریان هەیە و بابەتەکە تەمومژاوی دەبێت.

گۆتلوب فرێگە لەلای خۆیەوە کۆشاوە ساغی بکاتەوە بیرکاری لە لۆجیکێکی پەرەسەندوو بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ئەگەر بنەڕەتەکانی لۆجیک شی بکرێنەوە چەند پرەنسیپ و بیرۆکەی سەرەتایی و بنەماو بەڵگەنەویستێک دەستگیر دەبن کە لە بیرکاریشدا هەن. ئەو پرۆژەیە تارادەیەکی سنووردار لەلایەن لۆرد ڕەسڵ و وایتهێد لە شاکاری (پرنکیپیاماتماتیکا) بنەما بنەڕەتییەکانی بیرکاریدا جێبەجێ کراوە.

– میتافیزیک وەک بابەتێکی پەسند نەکراوی هزری (بیری) مرۆڤ و بەگژداچوونەوەیی و دوورخستنەوەی ئەو کەرەستەیە بووە کە زۆربەی ئەندامانی کۆڕی ڤیەننا دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم کردووە، تەنانەت لە دەستپێکی مانیفێستی کۆڕەکەدا قسەی لەوە کردووە گوایە:

«مەیلی بابەتی میتافیزیک و داکۆکی کردن لێیەوە لە برەودایە»(٣١)، کەوابوو دەبێ چی بکرێت و چۆن لە چوارچێوەی ئەکادیمیاییەکانی فەلسەفەدا هەنگاو لە بارەیەوە هەڵبگیرێ؟ کانت ویستوویەتی میتافیزیک بکات بە زانست، هەڵوێستی ئیمپیریزمی لۆجیکی چی و چۆن بووە لەم بارەیەوە؟!

– هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی لایەنگیرانی ئەو ڕێبازە دەربارەی میتافیزیک نارێ و بەگژداچوونەوە بووە. ئەو لقەیان بە کۆسپێکی سەختی سەر ڕێگای بەرەوپێشچوون و پێشکەوتنی زانست و زانینی مرۆڤ داناوە لە دوو توێژینەوەدا کە لە گۆڤاری «زانین» لە شاری لایپتسیگ بڵاوکراونەتەوە کارناپ هەوڵی داوە ئەو لافەی میتافیزیکییەکان پووچەڵ بکاتەوە کە گوایە دەتوانن بەبێ پشت بەستن بە ئەزموون و شارەزایی مرۆڤ سیستەم و نەزمی ترانسندێنتالی فەلسەفەی ژێری دابمەزرێنن، دوو توێژینەوەکان ئەمانە بوون:

– زرەکێشە لە فەلسەفەدا ساڵی ١٩٢٨ز.

– پووچەڵکردنەوەی میتافیزیک بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازی شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمان ساڵی ١٩٣٢ز.

لە توێژینەوەی دووەمدا کە لە ژمارە دووی گۆڤاری ناوبراودا بڵاوکراوەتەوە کارناپ هەوڵی داوە بنەما بنەڕەتییە ناکۆکە لۆجیکییەکانی تێزە و دەستەواژەکانی میتافیزیک، پشت ئەستوور بە شیکردنەوەی لۆجیکی زمان، بەدەربخات.

– لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا: ئایا دەکرێ میتافیزیک هەبێ و شیاوەکییە؟ (ئەو پرسیارە کاتی خۆی کانت کردوویەتی) لەلایەکەوە کارناپ پێ لەسەر ئەو بۆچوونە دادەگرێ کە لۆجیک گەوهەری فەلسەفەیە و فەلسەفەش لە لۆجیکی زانستەکان، بەولاوە شتێکی تر نییە، ئەگەر زانست بایەخ بە ناوەرۆکی زانین بدات، فەلسەفە بایەخ بەو لایەنەی زانین دەدات کە پێکهاتەی زمانە.

لەلایەکی دیکەوە، چەند برگەیەک لە نووسینەکانی فەیلەسووفی ئیگزیستێنتیالیزم مارتن هایدیگەر (١٨٨٩-١٩٧٦ز) دەخوازێتەوە و بە وردی شییان دەکاتەوە و گوتوویەتی:

بە سایەی شیکردنەوەی لۆجیکیانەوە دەرکەوتووە کە هایدیگەر کۆڵێک وشەی بەکارهێناوە لە دەستەواژە و تێزە دەچن، بەڵام ئەوی ڕاستی بێ ئەوانە لە زرە دەستەواژە بەولاوە نین(٣٢)، بگرە بێ واتان، لێرەوە و لەو ئەنجامەیدا کە پێی گەیشتووە کارناپ لە جیهاندیدی ڤتگنشتاین نزیک دەبێتەوە و دەڵێ: ئەو وشانەی هایدیگەر بەکاری بردوون و لەسەر شێوەیەک و بەجۆرێک ڕیزی کردوون، لە دەستەواژە دەچن، بەڵام چەند ڕستەیەکن بە پێچەوانەی بنەماکانی لۆجیکی زمان ڕۆنراون، دانەرەکانی سەریان لە ڕێنماییەکانی لۆجیکی زمان دەرناچێ و پرسیارەکانیش کە کردوونی زرە پرسیاری بێ واتان(٣٣). بۆ پتر ڕوون کردنەوەی ئەو لایەنە کێشە ئامێزە کە چ کاتێک و چۆن دەستەواژە هەلومەرجی لۆجیکی زمانی تێدا دەبێ، کارناپ ئەو مەرجانەی داناوە:

**یەکەم:** دەبێ فۆرمی بنەڕەتی دەستەواژە کە واتای وشەیەکی دیاریکراوی تێدا بەکاردێت، بۆ نموونە وشەی «فەیلەسووف» دەستنیشان بکرێت. دەبێ فۆرمەکە بەو جۆرە دیاری بکرێت: س فەیلەسووفە.

**دووەم:** دەکرێ لە چ دەستەواژەیەکی دیکە ئەم دەستەواژە بنەڕەتییە بکەوێتەوە؟!

١٤- کارناپ لەو باوەڕەدا بووە کە ناحەز و ڕکابەرانی پێشووتری میتافیزیک تەنیا دژی ڕێبازەکەی کارناپ بوون و بە تەواوەتی بابەتەکەیان ڕەت نەکردووەتەوە. کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی دوو سەرچاوەی زانینی لە یەکتری جیا کردوونەتەوە:

– تاقیکردنەوە و شارەزایی (خیبرە) سەرچاوەی سەرەکی بەدەستهێنانی زانین و زانیارین دەربارەی هەڵکەوتی دەوروبەر.

– ژیر، خۆی سروشتێکی فۆرماڵی ڕوخسارەکی دووبارەیی هەیە. ناکرێ بە تەنیا سەرچاوەی زانین بێ، ڕۆڵەکەی لە ئامرازێک بەولاوە نییە، توانایی خستنەوەی ئەنجامی ڕوخسارەکی لە ڕستە بنەڕەتییەکان بە مرۆڤ دەبەخشێ، ئینجا بەراوردێکی ڕوخسارییانە لەنێوانیاندا دەکات بە نیازی ئەوەی سروشتی هەماهەنگی و دووربن لە ناکۆکی ناوەکیان بۆ دەستەبەر ببێ. پشت ئەستوور بەو دوو سەرچاوەیەی زانین، ئەو بزووتنەوە فەلسەفەییە بەگشتی و کارناپ، بە تایبەتی دەستەواژە بەسەر سێ جۆردا دابەش دەکەن:

– دەستەواژەی لێکدراو «زانستە ئەزموونییەکان: فیزیک، کیمی، بایۆلۆجی».

– دەستەواژەی شیکاری (هی: لۆجیک، بیرکاری، ئەندازە).

– دەستەواژەی پووچ و بێ واتا (دەستەواژەکانی میتافیزیک).

جۆری یەکەمی دەستەواژەکان کە دەستەواژەی زانستە ڕیالیستییەکانن: لێکدراون دەربارەی دیاردەکانی جیهانی دەوروبەری هەڵکەوت دەدوێن، شتی نوێ هاوردە دەکەن و زانینی مرۆڤ پتر و فراوانتر دەکەن، ڕاستی و ناڕاستیان بەتێبینی و هاتنەوە و گونجانیان لەگەڵ ئەو هەڵکەوتەی دەری دەبڕن پشتڕاست دەکرێتەوە. بەهۆی تێبینییەوە دەتوانرێ دروستی ئەو دەستەواژانە ساغ بکرێتەوە و بزانرێ ئایا ئەو هەڵوێستەی دەری دەبڕن، ڕاستە هەیە، یان نییە؟!

جۆری دووەم کە دەستەواژەی زانستە ڕوخسارییەکانن شیکارین ڕاستی و چەوتیان بەندە بە پێکهاتەی ناوەکی و هەماهەنگی لۆجیکیان. هیچ شتێکی نوێ و هیچ دەربارەی دەوروبەر نادەنە دەست. باری ئەو جۆرە دەستەواژانە لە بنەکەیاندایە و سروشتی ناچاریی پێشیانەیان هەیە و نە دەکرێ لە شارەزایی و ئەزموونەوە بکەونەوە، نە ناوەرۆکی ماددەیی و ڕیالیستیان هەیە. ناچارییەکەیان لەوەوەیە ناکردنیان بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی لۆجیک و بنەماکانی زمانە و گوتەبێژ لەگەڵ خۆیدا ناکۆکی دەبێ. ئەو دەستەواژانە لە پرۆسەی زانیندا ڕۆڵی ڕێکخستنی شارەزایی مرۆڤ و یەکلایی

کـردنەوەی ئەو ناکـۆکـیـیـانـە دەگـێـڕن کـە دەکـرێ لە دەسـتـەواژەیەکی تردا کە هی زانسـتـە ئەزمـوونـیـیـەکـانـە (فــیــزیـک) دەربکەون، ئەو جــۆرە پۆلێن کــردنی دەسـتـەواژەکان فەلسـەفەی لایبنیتس دەهێنێتەوە یاد کە قسـەی لە ڕاستـییـەکانی ژێر و ڕاستـییـەکانی هەڵکەوت (واقع) کردبوو.

دەســـتـــەواژەی بێ واتا کــە خــراوەتە پارســـەنگی میـتـافـیـزیکەوە و بەزرە دەسـتـەواژە ناوبراون، هیچ جۆرە واتایەکی ئەزمـوونی و ڕیالیـسـتـیـان تێدا نیـیـە، بەلای کارناپەوە هیچ جۆرە پێوەرێک شک نابرێت بۆ پشتڕاست کـردنەوەی ڕاسـتی و چەوتـیـیـان، چونکە دەچنە خـانەی دەسـتـەواژەی گـشـتی و پابەندی ڕێنمـایی و ڕێزمـانـە گشتییەکانی بەکارهێنانی زمان نین، تێبینیش دەسەڵاتی بەسـەریاندا ناشکێ. خـۆ ئەگـەر بەهۆی پێـوەری جـۆری یەکـــــەم، هەوڵی ســــاغ کـــردنەوەیان بدرێ، ئەوە دەسـتـەواژەکانی میـتـافیـزیکی دەبن بە شیکاری و هیچ شـتـێـک دەربارەی هەڵکەوتی دەوروبەر دەرنابڕن و زانین سـوودیان لێ وەرناگـرێ و ڕاسـتـیـیـەکـەیان دەبێت بە شتێکی ڕواڵەتی ڕوخساری و میـتافـیزیک ئەمە پەسند ناکــات! خــۆ ئەگــەر بە بارەکـەی تردا وا دابنرێ ئەو دەسـتـەواژانە چەند ڕاسـتـیـیـەک (فـاکـتێـک) دەردەبڕن، دەبێ بە ئەزمـوون و تـێـبـینی کـردن تاقی بکرێنەوە لەو ڕەوشەدا بڕیار و تێزە و ڕستـەکانی هەردوو خەسـڵـەتی ناچاری و هەمـەکی (کـوللی) لە دەست دەدەن، ئـەمـەش نەدەگـونجێ و نە پەسند دەکـرێ، بۆیە فــەیلەسـووفی ئیـمـپـیـریزمی لۆجیکی هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەر دەستدا نامێنێ لەوە بەولاوە کە دەستەواژە و ڕستەکانی میتافیزیک لە پاوانی توێژینەوەی زانستی- فەلسـەفەیی دوور بخاتەوە، چونکە لە قسـەی پووچی بێ واتا بەولاوە هیچی تریان تێدا نییە. لێرەوە کارناپ دوا قسـەی خۆی کردووە:

«میتافیزیک دەربڕینێکی ناگونجاوی هەست کردنە بە ژیان و مرۆڤی میـتـافـیزیکی موزیکژەنێکە بەبێ بەهرەی موزیکی، یان شایەرێکە هەمـوو توانایی و لێهاتوویی و دەسترۆیشتوویی شیعری لە دەست داوە» (٣٦).

ئەگــەر مــرۆڤ ئەو بڕیارەی کــارنـاپ، بە مــەبەسـتی توێژینەوە، پەسند بکات، ئەو پرسیارە یەخەی دەگرێت: چۆن ئەو هەوڵ و کۆششەی فەیلەسووفی گەورەی وەک: ئەرسـتـۆتـاڵس و تۆمـاسی ئەکـوین و دیکارت و هیگڵ و کانت پاساو لێکدەدرێتەوە کە بەخامەکانیان ئەو نەزم و سیستمە میتافیزیکییە سەرتاپاگیرییانەیان دامەزراندووە و ڕەنگیان ڕشتووە؟ خۆ ئەگەر میـتافیزیک هەست کردن بە ژیان بێت، ئەوە ژیان دەستـەبەری میـتـافـیزیک بووە و ڕەتکردنەوەشی بەپێـچـەوانەی هەست و سـۆزی ژیانی مرۆڤەوەیە!!

بەلای (کــــارناپ)ـەوە زانست و ئایین و هونەر سێ بابەت و جــــۆری بنەڕەتی چالاکی هزری (بـیــــری) مــرۆڤن(٣٧). مــیــتــافــیــزیک وێنەیەکی شـێــواوی تەمومژاوییە لە تێکەڵوپێکەڵ کردنی هەرسێک جۆرەکەی بابەتە بنەڕەتییەکانی چالاکی هزری مرۆڤ کەوتووەتەوە. مـیـتـافـیـزیکی پێـویستی بەوە هەیە هەست و نەست و سۆزی خۆی بەرانبەر بە ژیان دەربڕێ، بەڵام ئەو توانایی و بەهرەیەی نیـیـە ئەو ئامـرازە گـونجـاوە بدۆزێتـەوەو ئەو کـارەی پێ بکات. لە ناخی دڵ و دەروونییـەوە ئارەزووی گەمەکردن بە وشە دەکات و خەمخۆرانە بەدوای جۆرێکی شادمـانی و ئاسـوودەیی ئایینیدا دەگەڕێ، بۆیە هەڵپـەی پەنابردنە بەر زمــــانی زانست دەکــات! بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ناگونجاو هەست و هۆشی خۆی بەرانبەر جیهان (دنیا) دەربڕێ، بەڵام هیچ گوڵێک ناخاتە سەر خەرمانی زانست!

- بەلای (ڕودۆلف کــــارناپ)ـەوە دەســـتــــەواژە و هاوکێـشـەکانی بیـرکاری دەسـتـەواژەی شیـکارین، نەک لێکدراو هەمــــوو جــۆرە جـێــبــەجێ کــردنێکی (پیـادەکـردنێکی) بنەمـاکـانی بیـرکـاری بەسـەر ڕەوشی فـیـزیکی بە ئەندازیاری فـیـزیکیـشـەوە دەکـرێ بەهۆی تاقیکردنەوەکانی دواترەوە ڕاست بکرێنەوە، کەوابوو بە پێچەوانەی (کـانت)ـەوە، زانینی لێکدراوی پێشـیـیـانە بوونی نییە(٣٨).

ئەگەر مرۆڤ، پشت ئەسـتوور بەوەی تا ئێـسـتا خرایە بەرچاو، پـووچی و بـێ واتـایی دەســـــــتـــــــەواژە مـیـتـافـیـزیکـیـیـەکـان لەگەڵ سروشـتی شیـکارییـانەی هاوکێـشـە بیـرکـارییـەکـان بەرانـبـەر یەکـتـری دابنێ و کۆششەکەی فرێکە و لۆرد ڕەسڵ کە بیرکاریان بردووەتەوە سەر بنەما بنەڕەتییـەکانی لۆجیک بخاتە سـەریان، ئەو کـۆشـشـەی بەو گـۆڕانە دەسـتی پێ کـردووە و پەرەی سـەندووە کـە بەسـەر ئەندازەی ئیـکلیـدس دا هاتووە،

بڕیارەکەی کانت کە گوایە زانینی لێکدراوی پێشییانە هەیە نەک هەر کاڵ دەبێتەوە، بەڵکو هەموو ڕەواییەکی بوونەکەی لەدەست دەدات و دەیدۆڕێنێ و ژمێرەش، بەو پێیە سروشتی لێکدراوی پێشییانەی نامێنێ. ڕەسڵ ڕوونی کردووەتەوە کە بنەماکانی زانستی ژمێرە دەکرێ لە لۆجیکەوە بکەوێنرێنەوە، ناچاریی بیرکاریی سروشتێکی شیکاری هەیە و هیچ جۆرە ڕەگەزێکی لێکدراوی پێشیانەی تێدا نییە، هەر چۆنێک ئەو هەڵوێستەی کانت لێک بدرێتەوە، ئارێ، نارێ، ناکرێ مرۆڤ لاری لەو ڕاستییە هەبێ کە فەلسەفەی کانت بووە و بووەتە مایەی سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە دوای نسکۆکەی کە لە مردنی هیگڵ کەوتووەتەوە، بەبێ هەڵوێستی فەلسەفەیی کانت نەدەکرا کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی بەبیرومێشکدا هاتبایە، ئەو کۆڕەی لەناوەڕاستی سەدەی ڕابوردوو بەدواوە بابەتەکانی گەورە فەلسەفەی بەرەو پێش بردووە و سەرکەوتووانە بارەکەی گۆڕیوە! کەواتە لەوەی تاوەکو ئێستا گوتراوە و نووسراوە، دەگەینە چی و چی دەکەوێتەوە؟

**ئەنجام:**

دوای ئەوەی فەلسەفەی کانت و فەلسەفەی ئیمپیریزمی لۆجیکمان شی کردەوە و لە هەندێک ڕەهەندیاندا بەراوردمان کردن، گەیشتینە ئەوەی بڵێین فەلسەفەی کانت مایەی سەرلەنوێ سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە بووە لە ئەڵمانیا، بە تایبەتی و لە ڕۆژئاوای ئەورووپا بەگشتی. فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکیش لەلای خۆیەوە و پشت ئەستوور بە ڕەخنەکردنی فەلسەفەی کانت و بە سوود وەرگرتن لە دەسکەوتەکانی لۆجیکی بیرکاری و زانست ئەو گۆڕانەی کردووە کە بە «بارگۆڕینی فەلسەفە» ناومان برد. لەو بڕیارە ئەنجامگیرییەدا پشتمان بەو خاڵانە بەستووە:

**یەکەم:** کانت لەو فەلسەفە ڕەخنەگرییەدا کە ڕەنگی ڕشتووە، ویستوویەتی بنەمایەکی پتەوی قایم بۆ میتافیزیک دابڕێژێ و بەدڵنیاییەوە باوەڕی بە دروستی ئەو هەوڵەی هەبووە، بۆیە وای داناوە کە دەست هەڵگرتن لەو جۆرە بیرکردنەوەیەی مرۆڤ کە میتافیزیکە، کارێکە لەبەر هۆکاری تیوری و پراکتیکی لە کردن نایەت! لە ڕەخنەگرتنەکەشیدا نەیویستووە میتافیزیک لەناو بەرێت، بەڵکو ئەو چالاکییەی بە ڕێگا خۆشکەرێک داناوە بەرەو بە زانست کردنی میتافیزیک.

**دووەم:** بزووتنەوەی فەلسەفەیی ئیمپیریزمی لۆجیکی دوورخستنەوەی میتافیزیکی بە پێویستییەکی ناچاری دیتووە و کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە تێزە و دەستەواژەکانی بێ واتان و لەو ئەرکەیدا پشتی بە ئامرازی شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمان بەستووە.

**سێیەم:** کانت باوەڕی بەوە هەبووە کە بوونی دەستەواژە لێکدراوە پێشییانەکان شتێکە زانینی زانستییانە پێویستی دەکات، کەچی کۆڕی ڤیەننا وای دیتووە کە پووچەڵکردنەوەی بیرۆکەی بوونی دەستەواژەی لێکدراوی پێشییانە بنەمای دامەزراندنی زانینی زانستییانەیە.

**چوارەم:** هەردووک لا، کانت و کۆڕی ڤیەننا لەو باوەڕەدا بوون کە «پێشییانە» لەسەر بنەمای گریمانە پێشینەییەکان، کە دەستەبەری زانین دەبن، شرۆڤە دەکرێ و لێک دەدرێتەوە، بەڵام بەهۆی زانینی پێشییانە، زانینی ڕاستی هەڵکەوتی دەوروبەر لە کردن نایەت. ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی و کۆڕی ڤیەننا باوەڕیان بەوە بووە کە ئەزموون، شارەزایی مرۆڤ ئەو بنەما بنەڕەتییەیە کە ئەو دەستەواژانەی شمەکی جیهانی دەوروبەر دەردەبڕن، لەسەری لێکدەدرێنەوە و پشتی پێ دەبەستن.

**پێنجەم:** ڕێبازی فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانت بریتی بووە لە کۆششێکی چڕ و خەستوخۆڵ بۆ یەکخستنی هەردوو ئاراستەی ژیری و ئەزموونی (تەجرەبە) لە فەلسەفەدا، بەڵام ئیمپیری لۆجیکی بەزاندنی سنووری ڕێبازی ژیرەکی و گەڕانەوە بۆ سەر ڕێبازی ئەزموونی دیڤید هیوم دووپات دەکاتەوە، سوودی لەو شۆڕشە هاوچەرخە زانستییانە وەرگرتووە کە ڕوخسار و ناوەڕۆکی وێنەی جیهانی فیزیکیان گۆڕیوە.

**شەشەم:** کانت لە چوارچێوەی ڕەهەندی پێکهاتەی ئەزموون و شارەزاییەوە سەرنجی جیهانی دەوروبەر و شمەکی داوە، بەڵام کۆڕی ڤیەننای ئیمپیریزمی لۆجیکی پێکهاتەی زمان و بنیادەکەی کردووە بە کەرەستەی توێژینەوە و لە چوارچێوەیەوە سەرنجی داوە و سنوورەکانی جیهانی لە سنوورەکانی زماندا دیوەتەوە، ئەو کۆششەی وا داناوە وەک ئەوەی هەنگوینی لە داردا دۆزیبێتەوە.

**حەوتەم:** بەلای کۆڕی ڤیەنناوە ڕەخنەکردن و

شـــیکردنەوەی توانایـیـــەکـــانی ژیری بێگەرد لەلایەن (کـانت)ـەوە هەوڵێکی بێ سـوودی بێ هوودەیە، چونکە ئەرکی سـەرەکی سـەرشـانی فەلسـەفە ئەوە نییـە، بەڵکو بریتییە لە شیکردنەوەی لۆجیکی زمان بەگشتی و زمانی زانست بە تایبەتی. دەبێ فەلسـەفە دەست لە توێژینەوەی ڕووداو و هەڵکەوت و فـاکـتـەکـانی جـیـهـانی دەوروبەر هەڵگرێ. ئەو ئەرکە بە زانستەکان سپێردراوە.

**هەشتەم:** ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرە کە فەلسەفەی ترانسندێنتـالی کـانت لە سـەردەمی خۆیداو ئێسـتـاش بایەخێکی مێژوویی هەیە لەوەدا کە دەستپێکی تێکڕای دەستبەکاربوون و کارایی فەلسەفە ڕەخنەگرییەکان بووە و لە مـێژووی هزری نوێ و مۆدێرندا بەردەوام ڕۆڵـی گرنگ دەگـێـڕێ و کـاڵ نەبووەتەوە. ڕێبـازێک لە ڕێبـازەکـانی فـەلسـەفـەی سـەردەم نیـیـە و نابینرێ کـە بەشـێـوەیەک لەشێوەکان جێ دەستی فەلسەفەی کانت بە ئارێ، نارێ پێوەی دیار نەبێ.

ڕێبازی کۆڕی ڤیەننا ڕاستە ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانەی هەیە و سوودی چاکی لە فەلسـەفەی ڕەخنەگرانەی کانت وەرگرتووە، بەڵام پتر پشـتی بەو گـۆڕان و پەرەسەندنانە بەسـتـووە کـە ئەوسـا بەسـەر زانست و کـولـتـوور و شارستانیەت و ژیان و ژینگەی هزری ئەوروپادا هاتووە.

– ئەگەر ڕەخنەیەک لە فـەلسـەفـەی کانت و ئەو کۆڕە بگیـرێ، وا پێـویست دەکـات هەڵسـەنگاندنەکە ڕەهەندە مێژووییەکە لەبەرچاو بگرێ، چونکە لە کۆن و ئێستاشدا هەمـوو بیروبۆچوونێکی فـەلسـەفە بەروبوومی سروشـتی کـۆمـەڵگا و ژیانی مـرۆڤ بووە. ئەگـەر هەندێک بیرۆکـە ئەمـڕۆ نامـۆ و ناوازە بێنە بەرچاو، شـتـێکی ئاسـاییـە، چونکە ئەمـڕۆ دوێنێ نیـیـە و دواڕۆژیش بە دڵنیـاییـەوە شـتـێکی تر دەبێ! کـێـشـەیەک کـە لە قـۆناغـێکی پەرەسـەندنی کـۆمـەڵگادا پشـکی شـێـری بردبێ و بەری کـەوتبێ و یەکـلایی کـرابێـتـەوە، یان هەر بێ چارەسـەر مـابێـتـەوە، مـەرج نیـیــە لە قـۆناغـی دواتردا ئەو گەرموگوڕییەی بمێنێ.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**21- kant: Grundlegung Zur Metaphysik der Sitten. In: Werke in. 6. Banden. Bd. 3. S.178.**

**– ئەو شـاکـارەمـان کـردووە بە کـوردی و لەگـەڵ پرولیـگومـینا بڵاوکراوەتەوە: بڕوانە پەراوێز، ژمارە (٦).**

**22- kant. Prolegomena. S.132. ff.**

**23- kant. Prolegomena. S.150. ff.**

**24- kant. Kritik der reinen Vernanft. S.266.**

**25- kant. Ebenda. S.45. B. 10.**

**26- kant. Prolegomena. S. 41.**

**27- kant. Kritik (Ebenda) B. 15.**

**28- Wolfgang Stegmuller: Hauptstroumungen der Gegenwartes Philosophie. Bd.I. Stuttgart 1978. 6. Auflage. S.XXII.**

**29- Viktor Kraft: Der wiener Kreis. Wien 1968. S.175. ff.**

**30- W.Stegmuller: Ebenda. S.346. ff.**

**31- W.Stegmuller: Ebenda. S.44.**

**32- Verein Ernst Mach (Hrsg.) Wissenschaftliche Welt auffassung. Der Wineer Kreis wien 1929.**

**33- R. Carnap: Scheinproblem in der Philosophie Hamburg. 1967. S.10. ff.**

**34- R. Carnap: Ebenda. S.15. ff.**

**35- R. Carnap. Der Logische Aufbau der Welt. Hamburg 1961. S.80. ff.**

**36- Lother krauth: Die Philosophie Carnaps. wien. 1970. S.13. ff.**

**37- R. Carnap: Uberwindung der Metaphysik durch die Logische Analyse der Sprache. In: Erkenntnis. Bd. 2. Leipziq 1932. S. 240.**

**– ئەو توێژینەوەیەمان کردووە بە کوردی و لێرەدا بڵاوکراوەتەوە: دەربارەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا. بەڵگەکان هەولێر ٢٠١٣.**

**38- R. Carnap: Mein Weg in die Philosophie. Reclam. Stuttgart 1993. S.68. ff.**

**39- Hans Reichenbach: Der Aufstieg der wissenschaft Lichen Philosophie. Hamburg 1990. S.196. ff.**